# بۆ مەهابادی خۆشەویستم

*کاوەی خەسرەو کاوانی *
هەولێر

قازی ئەمشەو نارەحەتە
دڵ پڕ خەمە , بێ ئۆقرەیە , نیگەرانە ,
رۆحی لە چوارچرای بەرزی
بەرەو دەرگای هەموو ماڵێکی سابلاخ دا
هەنگاو دەنێ و ...
هاوار دەکا دڵتەنگ مەبن
ئەم شەو (( شوانە ))
لام ئازیزترین مێوانە ,
ئەمشەو دەرگای بەهەشتێکی نەمرانی بۆ والآیە ,
شەهید بوونی لە پێناوی وەلاتێکی بێ وەلاتا
پڕ بەهاترین ئالآیە .

*        *        *

ئەمشەو شوانە
وەکو دڵی هەموو خەڵکی مەهابادەو
بریندارە , زۆر ماندووە ,
(( ئەوان مردن کە زندەگیان بۆ مردنە ))
ئەو زیندووە و عەشقی لە نێو
دڵی هەموو ئازادیخوازان چاندووە.

*     *     *

خۆ گوایە دەوڵەتی دینن
چۆن دڵتان هات
لاوێك لە خوێن بگەوزێنن ,
چۆن رووتان دێت
لەمەودوا جیهان بدوێنن .